

روئیا ئیسماعیلیان:

# کوردانی خوراسان هونەری رەسەنی خۆیان پاراستووە



زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لە خوراسانی ئێران نیشتەجێ کراون کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە دوورخراونەتەوە و لە نێو ئەمانە ژمارەیەك هونەرمەندی بەتوانا هەبوون کە توانیویانە هونەری کورد بپارێزن و پەرەی پێ بدەن و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری بگوازنەوە. هەرچەندە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دووچاری گرفتی زۆر بوونەتەوە. ڕوئیا ئیسماعیلیان یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لە خانەوادەیەکی هونەری ناوچەی خوراسان هاتۆتەدنیاوە، دایك و داپیری پێش خۆی گۆرانیبێژ بوون، ئێستاش کچەکەی گۆرانیبێژە، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی ئەو هونەرمەندە کرد و ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



**• ئاشنابوونی ئێوە بە هونەر چۆن بوو؟**

بەر لە درووستبوونی کۆماری ئیسلامی لە تەمەنی دە ساڵییەوە دەستم بە گۆرانی وتن کردووە، ماوەی ٣-٤ ساڵ لە تەلەفزیۆنی ئێران گۆرانی کوردی و فارسیم وتووە، بەڵام زیاتر گۆرانییەکانم کوردی بوون، بە هەمان شێوە لە جەژن و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیش بە هەردوو زمان گۆرانیم وتووە، دواتر گرووپێکی گۆرانی و موزیکمان دامەزراند تایبەت بۆ گۆرانی کوردی، هەروەها گرووپێکی تایبەتی سەمای کوردیمان هەبوو کە لە ١٠ کوڕ و ١٠ کچ پێکهاتبوو، ئەم گرووپەش لە جەژن و بۆنەکاندا سەمای کوردی پێشکەش دەکرد و ساڵانە بەشداریمان لە ٤-٥ فیستیڤاڵی تایبەت بە سەمادا دەکرد و جگە لە سەماکردن گۆرانیشمان دەوت و شیعری کرمانجیشمان پێشکەش دەکرد، دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی سەماکردن بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کرا، ئیدی گرووپەکەی ئێمەش کارەکانی وەستێنران وەکو هەموو تیپ و گرووپە هونەرییەکانی دیکە لە سەرتاسەری ئێران، هەروەها ڕێگە بە ئافرەتان نەدرا بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ گۆرانی بڵێن.

**• ئەی دوای ئەو ٢٥ ساڵ هیچ گۆڕانکارییەك روویدا؟**

- دوای ساڵانی ٢٠٠٠ بەرەبەرە دەستمان کردەوە بە کاری هونەری، گۆرانی وتن لە نێو خانەوادەی دایکمەوە لە کۆنەوە ماوەتەوە کە دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ و زەحمەتە بتوانین لێی داببڕێین، بەڵام لەبەر تێپەڕبوونی تەمەن بۆ من ئەمە ئاسان نەبوو، دوای ٢٥ ساڵ جارێك دیکە بگەڕێمەوە نێو هونەر و گۆرانی بڵێم. بۆیە هەوڵمدا کار لەسەر پێگەیاندنی زیاتری تواناکانی یەڵدای کچم بکەم و ئەو گۆرانییە کۆنانەی کاتی خۆی وتوومە، یان ئەوانەی لە دایك و داپیرم ماونەتەوە دووبارەیان بکەمەوە بۆ یەڵدا، چونکە دایکم کە ئێستا تەمەنی ٨٠ ساڵە دەنگی زۆر خۆشە و لە بارەی گۆرانییەوە زۆری فێر کردووم و سوودی زۆرم لێی بینیوە، هیوادارم دوای ئێمەش یەڵدا و نەوەکانی داهاتوومان بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێچکەیە و خزمەت بە هونەری کوردی بکەن لە خوراسان و پارچەکانی دیکەی کوردستان.

**• چۆن هەستت بە توانا هونەرییەکانی یەڵدا کرد؟**

- لە تەمەنی پێنج ساڵی کاتێك یەڵدا لە باخچەی ساوایان بوو، هەستم کرد ئەو کچە خاوەن دەنگێکی خۆشە، بۆیە شانۆگەرییەکی تایبەتی منداڵانم بۆی ئامادە کرد کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی شیعرێك لەگەڵ ژەنینی موزیك لەم شانۆگەرییەدا کارەکانی دیکۆر و جلوبەرگیش خۆم درووستم کرد و هەوڵمدا مۆرکێکی کوردیی پێوە دیار بێت، ئەمەش وەك سەرەتایەك بوو بۆ یەڵدا و هەر ئەم شانۆگەرییە لەسەر ئاستی شارەکانی ئێران پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، هەر لەو کاتەوە بیرم لەوە کردەوە کە پێویستە بە جددی کار لەسەر پەرەپێدانی بەهرەکان یەڵدا بکەم، چونکە پاشەڕۆژێکی پرشنگداری دەبێت.

**• ژمارەی کوردان لە خوراسان نزیکەی چەند دەبێت؟**

- بە گوێرەی ئامارەکانی حکومەت ژمارەمان لە دوو ملیۆن کەس زیاترە کە بە رەچەڵەك خەڵکی (دەرسیم و ئەرزەڕۆم و دەوروبەری دەریاچەی وان)ـن لەو ناوچانە کۆچ پێکراون بۆ ناوچەی خوراسان ئەو کات نزیکەی ٤٥-٦٠ هەزار خانەوادە بوون.

*** چۆن توانیوتانە زمان و کەلتوور و هونەری خۆتان بپارێزن؟** -لە ئاهەنگ و زەماوەندەکان گۆرانی و موزیکمان بە زمانی کوردی بوو، ئەمەش ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە پاراستنی زمان و هونەر و کەلتووری خۆمان بە درێژایی ئەو ماوەیە تا بە ئێستا دەگات، ماوەیەکی زۆر لە نووسین بە زمانی کوردی دابڕا بووین، بەڵام ئێستا نووسین بە زمانی کوردی دووبارە پەیدا دەبێتەوە، هەروەها ئافرەتانمان کە فەرش و جلوبەرگ و کەلوپەلی ماڵەوەیان درووست کردووە هەموویان مۆرکی کوردییان پێوە بووە بە جۆرێك وای لێهاتووە جلوبەرگ و کەلوپەلەکانمان لە ناوچەی خوراسان ناسراو بوون، بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا هاتۆتە پێشمان، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك توانیمانە هونەر و کەلتووری رەسەنی خۆمان بپارێزین و بەردەوامی بین لە پێشخستنی.

*** لە نێو کوردی خوراسان نووسەر و هونەرمەندە ناسراوەکانیان کێن؟**

- بێگومان نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی ناسراو و دیار هەن، عەلی رەزا سپایی، ئیسماعیلی قاسمپوور و کەریموڵڵا تەوەلدی ئەمانە لە نووسەر و شاعیرە هەرە دیارەکانمانن، لە هونەرمەندە دیارەکانیشمان سورابی موحەممەدی و موڕادی حەسەنزادە شاعیر و گۆرانیبێژن، لە نێو ئافرەتانیش ژمارەیەك زۆر هەبوون کە هەندێکیان لە ژیان نەماون و هەندێکیان لەبەر ئەوەی ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ ڕێگەیان پێ نەدەدرا گۆرانی بڵێن، ئێستا بەساڵاچوون و توانای گۆرانی وتنیان نەماوە.

*** ئەی ئامێرە موزیکییەکان کە بەکاریان هێناوە تایبەت بوون بە کورد یاخود ئامێری موزیکی ئێرانی بوون؟**

- لەبەر ئەوەی هونەر و موزیکی ئێمە و موزیکی ئێرانی ئاوێتەی یەکتر بوون، بۆیە ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کامیان کوردییە و کامیان ئێرانییە، بەڵام لای ئێمە بلوێر، دەهۆڵ، دووتار، زوڕنا و کەمانچە ئەمانە ئەو ئامێرە موزیکیانەن کە کوردی خوراسان زیاتر بەکاریان دەهێنن، بە هەمان شێوە فارسیش ئەم ئامێرانە بەکار دەهێنن.

*** بۆچی تا ئێستا ئێوە وەك هونەرمەندانی کوردی خوراسان سەردانی باشووری کوردستانتان نەکردووە بۆ ئەوەی بناسرێن و هونەری خۆتان بە کوردانی پارچەکانی دیکە بناسێنن و لە بواری هونەرییەوە پەیوەندیتان هەبێت ؟**

- تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئێمە لە بواری هونەرییەوە لە خوراسان ڕووبەڕووی گرفت دەبینەوە جا لە ڕووی کۆمەڵایەتی بێت، یاخود لە بواری سیاسی کە وەکو پێویست ڕێگەمان پێ نادرێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئێمە پەیوەندیمان وەکو پێویست نەبێت لەگەڵ باشووری کوردستان لە بواری هونەری و هەموو بوارەکانی دیکەشدا، بەڵام ماوەیەکە هەست بە جۆرێك کرانەوە دەکەین.

*** کۆمەڵگەی کوردی لە خوراسان لەبەردەم هاتنی ئافرەت بۆ نێو بواری هونەری ڕێگر نییە؟**

-لە ئێران بە گشتی ئافرەت ئاستەنگی زۆری دێتە پێش بۆ گۆرانیوتن و ئەمەش تەنیا بۆ ئێمە نییە وەکو کورد، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە، لە هەندێك بواردا ڕێگە دراوە بە ئافرەت گۆرانی بڵێ، بۆ نموونە لە گرووپە هونەرییەکان، بەڵام مەرجیان ئەوەیە کە ئەگەر گرووپەکە هەموویشی ئافرەت نەبن، پێویستە زۆربەیان ئافرەت بن، واتە دەبێ ئافرەت لەگەڵ ئافرەتان گۆرانی بڵێ، بەڵام وەکو گوتم ئێستا کۆتەکان تا ڕادەیەك سووکتر بوون لەسەر ئافرەتان بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێن، هەرچەندە ئەمە لە ئاستی خواستەکانی ئێمە نییە، چونکە لە ئێران بە هەزاران ئافرەت هەیە کە دەنگیان خۆشە و حەز دەکەن گۆرانی بڵێن، بەڵام لەبەر ئەم هۆیانە و چەند هۆکارێکی دیکە دەرفەتیان نەبووە تواناکانی خۆیان دەربخەن.

*** لە فیستیڤاڵەکاندا بە ناوی کوردی خوراسان، یان بە ناوی ئێران بەشداری دەکەن؟**

-کە داوەت دەکرێین لە فیستیڤاڵەکاندا زیاتر وەکو گرووپە، واتە بە ناوی گرووپ و تیپە نەك بە ناوی دەوڵەت، دەوڵەتیش ئاستەنگی زۆرمان بۆ درووست ناکات، چونکە ئێمە بەر لەوەی بەشداری لە هەر چالاکی و فیستیڤاڵێکدا بکەین، سەرەتا ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت وەردەگرین، هەروەها ئێمە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێرانیش بە جلوبەرگی تایبەتی خۆمان ناسراوین، چونکە جلوبەرگی ئێمە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە هەر شوێنێکی ئێران هەبێت زۆربەی خەڵك دەیناسنەوە کە ئەمانە جلوبەرگی کوردی خوراسانە و تەنانەت لەبەر ئەوەی جوانە بەتایبەتی جلوبەرگی ئافرەتان زۆر لە ئافرەتانی ئێران لە ناوچەکانی دیکەش دەیپۆشن وەك مۆدەیەکی جوانی جلوبەرگ.

*** ئێستا باشووری کوردستان ئازادە و خاوەن پەرلەمان و حکومەتی خۆیەتی، ئێوە وەك کوردی خوراسان هیچ داخوازییەکتان لە حکومەتی کوردستان نییە؟**

- ئێمە لە خوراسان نزیکەی دوو ملیۆن کورد دەبین و خاوەن نووسەر و هونەرمەندی زۆر بەتوانا و لێهاتووین، بەڵام لە ئێران ناتوانین بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێ کارەکانمان ئەنجام بدەین و بناسرێین، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم فیستیڤاڵ و چالاکی هونەریی تایبەت بە کوردانی ناوچە و بەشەکانی دیکە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو کوردانی خوراسان بەشداری تێدا بکەین و کوردانی پارچەکانی تر بە هونەر و موزیك و کەلتووری خۆمان ئاشنا بکەین و بتوانین پردێکی پەیوەندی لە نێوانماندا درووست بکەین، چونکە دوورکەوتنەوە و دوور بوونی ئێمە لە ڕووی جوگرافییەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیمان نەمێنێت و بەرەو نەمان بچێت ئەمەش زیانی بۆ هەردوولامان هەیە.

*** جگە لە گۆرانیوتن ئایا لە بوارەکانی تری هونەری وەکو سینەما کوردانی خوراسان کەسانی هەڵکەوتوویان هەیە؟**

- تا چەند ساڵ پێش ئێستا تەنیا لە بواری گۆرانی کوردانی خوراسان کەسانی لێهاتوویان هەبووە، تاکە فیلمی کوردی کە دیکیومێنتاری بوو دەربارەی ژیان و هونەر و کەلتووری کوردانی خوراسان فیلمەکەی یەڵدا عەباسی بووە، بەڵام تا ئێستا ڕێگەی پێنادرێت و پەخشیش نەکراوە، هیوادارم پەخش بکرێت.

**تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئێمە لە بواری هونەرییەوە لە خوراسان ڕووبەڕووی گرفت دەبینەوە جا لە ڕووی کۆمەڵایەتی بێت، یاخود لە بواری سیاسی کە وەکو پێویست ڕێگەمان پێ نادرێت**

# سەلما پەیامێک ئاڕاستەی هۆلیۆد دەکات



خانمە ئەستێرەی سینەمایی مەکسیکی سەلما حایك بە یاوەریی ولیام نیسۆن و ئەلفرید مۆلینا و عەساف کۆهین و دەرهێنەر رۆجیر ئەلیرز سەردانی بەیرووتی کرد بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی دەستپێکردنی فیلمە نوێیەکەی کە فیلمێکی ئەنیمەیشنە، بەو بۆنەیەوەش ئاهەنگێکی تایبەت ساز کرا و کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیساش یەکێك بوو لە بەشداربووانی ئاهەنگەکە و وتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەش کرد.فیلمە نوێیەکەی سەلما بە ناوی (النبي)یە و تێیدا هەشت پەخشانە شیعری فەیلەسوف و شاعیری لوبنانی جوبران خەلیل جوبران پێشکەش دەکات کە یەکێکە لە ئەدیبە ناودارەکانی جیهان و سەلما حایکی بە رەچەڵەك لوبنانی سەرسامە بە کارەکانی.سەلما خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم سەردانە و یەکەم نمایشی فیلمەکە لە وڵاتی جوبران خەلیل جوبران و هیوای خواست کارەکە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و جەماوەری لوبنانیش گرنگییەکی زۆری پێبدات کە شایەنی ئەو ئەدیبە گەورەیە بێت. هەروەها پەیامێکی ئاڕاستەی ئەستێرەکانی هۆلیۆد کرد بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە فیلمەکانی خۆیان یەکەم جار لە لوبنان نمایش بکەن، لە پەیامەکەیدا هاتووە: من بە هەمووتان دەڵێم: ئێوە نازانن چیتان لە دەست خۆتان داوە، لوبنان یەکێکە لە جوانترین و خۆشترین ئەو وڵاتانەی کە مرۆڤ حەز بکات سەردانی بکات.



# لەبەر دڵپیسی مێردەکەی بینسۆ شوێنی گرتەوە

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بە دوای ئەکتەرێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سوڵتانی کۆسیمی پێ بدات لە زنجیرە درامای مێژوویی تورکی (حریم السـلطان) بەرهەمهێنەری ناسراوی تورك تیمۆر ساوچی، کچە ئەکتەرێکی ٢٣ی ســاڵی دۆزییەوە کە بە شایەنی ئەو ڕۆڵەی زانیوە.بینسۆ ســۆرال کە خوشکی ئەکتەری تورك هاندا سۆراله لەلایەن تەیمورەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەم ڕۆڵە و بڕیار وایە لە ســەرەتای ســاڵی داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی بکرێت، سۆرال ڕۆڵی کۆســیم دەبینێت لە تەمەنی ١٦ تا ٢٠ ســاڵی، جگە لە بینسۆ ئێستا دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری زنجیرەکە بە دوای ئەکتەرێك دەگەڕێن کە ڕۆڵی ســوڵتانە ســەفیەی دایکی کۆسیم ببینێت.بەر لە دەستنیشانکردنی بینسۆ ئەکتەری ناسراوی تورك بیرین سات دیاریکرابوو بۆ بینینی ڕۆڵەکەی، بەڵام لەبەردڵپیسی کینان دۆگلۆی هاوســەری ڕێگای نەدا بەم ڕۆڵە رازی بێت، هەروەها هەر یەکە لە بیرگۆزار کۆریل تۆبا بۆیۆکســتۆن و هــازال کایاش پاڵێوراو بــوون بۆ ئەم ڕۆڵە، بەڵام بەرهەمهێنەری زنجیــرە بڕیاریدا کەس بۆ ئەم ڕۆڵە دەستنیشــان بکات کە زۆر ناســراو نەبوو لە تورکیا وەك چۆن پێشتر مریەم ئۆزیرلی هەڵبژارد بۆ ڕۆڵی سوڵتانە هویام.بینسۆ ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە و پێشبینی دەکرێت سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت.



# سەلمان خان بە کوشتن تۆمەتبار دەکرێ

دادگایەکی هیندستان ئەستێرەی سینەمایی هیندی سەلمان خانی بە کوشتنی کەسێك بە ئۆتۆمبێل تۆمەتبار کرد لە ساڵی ٢٠٠٢ لە مۆمبای کاتێك ئۆتۆمبێلکەی خۆی لە پێنج کەس دا و لەو شوێنە بە برینداری جێیهێشتن و دوای گەیاندنیان بۆ نەخۆشخانە یەکێك لە بریندارەکان گیانی لە دەستدا. سەلمان خان ڕەتیکردەوە کە ئەو کاتە خۆی ئۆتۆمبێلی لێخوڕیبێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کــە ئەو بە سەرخۆشــی ئۆتۆمبێلەکــەی لێخوڕیوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی بی بی ســی ئەگەری سەپاندنی سزایەکی قورس بەسەر سەلمان خان لە ئارادایە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان پێچەوانەی قسەکانی ئەویان سەلماند، دوای وردبوونەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنی بە پێنج ساڵ، بەڵام دواتر جێبەجێکردنی حوکمەکەی هەڵپەسارد، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بەســەر کاروانی هونەری ســەلمان خان دەبێت. سەلمان خان یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی سینەمای هیندی و کوڕی نوسەری گەورەی فیلم (سەلیم خان)ە، لە هیندستان لە باوکێکی بە ڕەچەڵەك ئەفغانی و دایکێکی بەڕەچەڵەك هیندۆس لەدایکبووە، ســەرەتای هاتنە ناو جیهانی نواندن بۆ ســاڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە کاتێــك ڕۆڵی (فیکی بهاندرای)ی لە فیلمی (Biwi Ho To Aisi) بینی. سەلمان خان لە گۆڤاری بەناوبانگی (People) لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕیزبەنــدی حەوتەمی سەرنجراکێشــترین ئەکتەرەکانی جیهاندا بووە، هەروەها چوارەم ئەکتەری هیندییە کە لە مۆزەخانەی خاتوو تۆسۆ لە لەندەن بە مۆم پەیکەری بۆ دروستکراوە.